# تیرۆر جێبەجێکردنی بڕگەکانی ماددەی سەدوچل پەکدەخات

**ڕاپۆرت: ستیڤان شەمزینانی**



**تا دێت ڕەوشی ئەمنی کەرکووك ڕوو لەخراپی دەکات، ڕێکخراوی ئەلقاعیدە و گروپە ئیسلامییەکانی چەشنی (التوحید والجهاد) و (أنصار السنە) قورسایی کارەکانی خۆیان خستۆتە سەر شاری کەرکووك، ڕۆژانەو بە بەردەوامی دەنگی تەقینەوە هاولاٌتیانی شارەکە لەخەو ڕادەچەنێنێت، ڕۆژانە لەشەقامی گشتی و بازاڕەکاندا تەقینەوە ژیانی هاولاٌتیانی کەرکووك کۆتایی پێدێنێت، بەرپرسانی سیاسی شارەکە بەتایبەتی بەرپرسە حیزبییەکانی پارتی و یەکێتی و لایەنەکانی تری کوردیی جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە ئەم لێشاوە تیرۆرەی ڕووی لەشارەکە کردووە بەمەبەستی ڕێگریی دروستکردنە لەبەردەم جێبەجێ کردنی قۆناغە جیا جیاکان و بڕگەکانی ماددەی سەدوچل کە ڕاستەوخۆ پراکیتك کردنی ئەو ماددەیە کەرکووك دەگێڕێتەوە بۆ نێو چوارچێوەی جوگرافیای باشووری کوردستان، زۆربەی هاولاٌتیانی کوردو تورکمان و هەندێك لە عەرەبەکانیش وابیردەکەنەوە ئامانجی تیرۆرو تەقاندنەوە دژایەتیکردنە لەگەڵ ماددەی سەدو چل کە چارەنووسی شارەکەی پێوەگرێدراوە لەهەموو ڕوویەکەوە.**

**هەندێکی تر لەدانیشتوانی کەرکووك کە دەتوانین بڵێین کەمینەیەکن وایدەبینن کە ئامانجی چەکدارە یاخیبووەکان و خۆ تەقێنەرەوەکان پەیوەندیی بەماددەی سەدوچلەوە نییە بەڵکو وابەستەیە بەهەبوونی هێزەکانی هاوپەیمانان، بەلاٌم پۆلیس و هێزەکانی سوپای عێراق لەشاری کەرکووك ئەو بۆچوونە بەهەڵە دەزانن چونکە زۆربەی ئەو کردەوانەی ئەنجام دەدرێن لەدژی بەرپرسانی کوردیی شارەکەیە نەك سوپای**

ئەمەریكا و هاوپەیمانەكانی، پۆلیس و كادرە حیزبییەكان لەپێشەوەی ئەو كەسانەدان كە تیرۆریستەكان خستوویانەتە نیشانەی كردەوەكانیان.

ملازم عادل- ئەفسەرێكی توركمانی شاری كەركووكە، ماوەی چوار ساڵە لە هێزەكانی پۆلیسدا كاردەكات و بەشداریی زۆربەی ئەو چالاكییانەی كردووە كە دژی چەكدارو شانە تیرۆریستییەكان ئەنجامدراون، ئەو دەڵێ: پەرەسەندنی تیرۆر لەشارەكەماندا بەلای ئێمەوە ڕووداوێكی زۆر ناخۆشە، بەڵام ئێمەش درێغی ناكەین لەپاراستنی ئەمنییەتی كەركووك، بەڵام ئەمڕۆ كەركووك ئامانجە و لێرەش لەهەندێ گەڕەكی وەك (عروبە) و (غەرناتە) و چەند گەڕەكێكی تر دا هاوكاریی زۆریان هەیە و ڕۆژانە خەڵك لەو چەند گەڕەكە دەستگیر دەكەین كە هاریكاریی تیرۆریستەكانیان كردووە چ لەشێوەی چاوساغی و ڕێنوێنی چ لەشێوەی شاردنەوەی تەقەمەنی و پێداویستییەكانی كاری تێكدەرانە.

ئەم ئەفسەرەی پۆلیس زۆر تووڕەیە بەرامبەر بەتیرۆریستەكان و دەڵێت كۆڵنادەین هەتا ئەو كاتەی شارەكەیان لێ پاكدەكەینەوە و بەیەكجاریی لەناویان دەبەین.

سەردار جەمال-دانیشتووی گەڕەكی ئازادیی شاری كەركووك وتی: ئامانجی سەرەكی تیرۆریستان دژایەتیكردنی ماددەی سەدوچلە، چونكە دەزانن ئەگەر ماددەی سەدوچل وەك خۆی جێبەجێ بكرێت، كەركووك دەگەڕێتەوە بۆ باوەشی كوردستان.

چەند ساڵێشە عەرەبەكان و وڵاتانی تری ناوچەكە دژایەتی گەڕانەوەی شارەكەمان دەكەن بۆناو چوارچێوەی كوردستان بۆیە گێروگرفتی بۆ دروست دەكەن تا وەزعەكە نا ئارام بێت و كەسیش نەپرژێتە سەرئەوەی بیر لەچارەنووسی شارەكە بكاتەوە.

سەردار لەوبڕوایەدایە هاوڵاتیانی شار هاریكاریی لایەنەكانی پۆلیس و سوپا ناكەن بۆیە بەئاسانی و بێ گیروگرفت تەقینەوەی تیا ڕوودەدات لەهەمان كاتدا پۆلیسی بەلاوازو كەمتەرخەم لەقەڵەمدا كە ناتوانن بەپلانێكی تۆكمە ڕووبەڕووی گروپە چەكدارەكان ببنەوەو كێومالێیان بكەن بۆ هەتا هەتایە.

لەكاتێكدا بەناو شەقامێكی سەرەكیی شارەكەدا كە ناوی شەقامی (مەجیدیە)یە گوزەرمان دەكرد، كاروانێكی سوپای عێراقی كە زیاتر لەسی(30) ئۆتۆمۆبیل بوون بەلاماندا تێدەپەڕین كەوا دیاربوو بەرەو دەرەوەی كەركووك لەپێشڕەویدا بوون، بەڵام بەقسەی كەسێك ئەو كاروانە بەرەو دوز بەڕێكەوتبوو، بەڵام هێشتا ئاشكرانەبوو ڕوویان لە كوێ دەكرد.

عەباس محەمەد-دانیشتووی گەڕەكی ڕەحیماوایە و دەڵێت: دوژمنانی كورد بەتایبەتی ئیسلامییە توندڕەوەكان نایانەوێت شاری كەركووك بگەڕێتەوە بۆسەر هەرێمی كوردستان، هەموو پلانێكیان حازركردووە تا ماددەی سەدوچل جێبەجێ نەكرێت چونكە دەڵێن ئەم هەنگاوە دەبێتە هۆی دروستبوونی دەوڵەتی كوردستان، وەك ئەوەی دەوڵەتی كوردستان دنیای پێ ئاخربێت، تۆ بزانە ئیسلامییە توندڕەوەكان چۆن كێشەی كچێكی ئێزدییان قۆستۆتەوە و دەیانەوێت لەو ڕێیەوە دوو بەرەكی لەناو كورددا دروست بكەن، لەمەشدا ئەوان قازانج دەكەن چونكە دەبێتە هۆی ئەوەی برا ئێزدییەكانمان دەنگ بە كوردستان نەدەن لەكاتی ڕاپرسیدا كە دوا قۆناغی جێبەجێكردنی ماددەی سەدوچلە.

هەوڵماندا بیروبۆچوونی نەتەوەكانی تری ناو كەركووك وەربگرین لەمەڕ پرسی تیرۆر، لەدەرمانخانەیەكەوە دەستمان پێكرد كە دوو كەسی تیابوو یەكەمیان ئامادە نەبوو قسەمان بۆ بكات، دووەمیان خۆی بە (كاترینا حەننا) ناساند كە هاوڵاتییەكی مەسیحی شارەكەیە و وتی: ئێمە حەز دەكەین كەركووك بگەڕێتەوە بۆسەر كوردستان، بەڵام ناهێڵن، ئەوەتا ڕۆژی دوو سێ جار تەقینەوە ڕوودەدات و كۆمەڵێك خەڵكی بێ تاوان و ژن و مناڵ شەهید دەبن، ناوێرین منداڵەكانمان بەتەنیا بنێرینە قوتابخانە چونكە ترسمان لەوەیە بیانفڕێنن و بیانبەنە شوێنێكی نادیارو داوای دەیان دەفتەر دۆلار بكەن.

هیچ كەس لەژیانی خۆی ئەمین نییە، كەس نازانێ كە بەیانی چووە دەرەوە ئێوارە بەسەلامەتی دەگاتەوە ماڵ یان نا، ئەمەش هەمووی بۆ ئەوەیە ماددەی سەدوچل دوابخرێت چونكە وەك من بزانم ماوەكەی شەش مانگێك بەڵكو كەمتریشی ماوە.

عەدالەت عومەر ساڵح- بەڕێوەبەری گشتی ناوچە دابڕاوەكان لەوەزارەتی كاروباری ناوچەكانی دەرەوەی هەرێم، دەربارەی كاریگەریی تیرۆر و تەقاندنەوە لەخاوكردنەوەی جێبەجێكردنی ماددەی سەدوچل لەناوشاری كەركووك وتی: دەتوانم بڵێم ڕاستە تیرۆر كێشە دروست دەكات، نەك بۆ ماددەی سەدو چل بەڵكو بۆ هەموو بارودۆخی سیاسی لەوڵاتی عێراقدا مایەی كێشەیە، بەڵام پێموانییە تیرۆر بتوانێ ڕێگر بێت لەبەردەم پرۆسەی جێبەجێكردنی بڕگەكانی ماددەی سەدوچل، لەپاش پرۆسەی ئازادیی عێراق تیرۆر هەر هەبووە، لەسەردەمی ئەنجومەنی حوكم و نووسینەوەی دەستوورو جێگیركردنی ماددەی سەدوچل تیرۆر لەئارادا بووە و نەیتوانیوە ببێتە ڕێگرێكی جیدیی، بەپێچەوانەوە

ئێستا هەرچوار قۆناغەکەی ماددەکە کاریان لەسەر دەکرێت و زۆر هەنگاویشی بڕیوە پێموایە هیچ شتێك ناتوانێ ئەو پرۆسەیە پەکبخات. عەدالەت عومەر-وێڕای پێداگریی لەسەرئەوەی کە ماددەی سەدوچل هەنگاوی باشی بڕیوە و بەشێك لەکاری قۆناغەکان بەسەرکەوتوویی بەڕێوەچوون گەشبینی خۆی دەربڕی و هێمای بۆ ئەوەکرد ئەو پرۆسە هەرگیز فەرامۆش ناکرێت و وتی: ئێمە لەوەزارەتی کاروباری ناوچەکانی دەرەوە شیعارێکمان هەیەو هەردەم وتوومانە کاردەکەین بۆ بەدەستهێنانی باشترین دەستکەوت، ئێمە هەموو هەوڵەکانمان دەخەینە گەڕ بۆ جێبەجێکردنی بڕگەکانی ماددەی سەدو چل، بۆیە گەشبینم کە ئەو ناوچە دابڕاوانە دەگەڕێنەوە سەر هەرێمی کوردستان و بەشێوەیەکی ڕێکوپێك کارەکانیان بەڕێوە دەڕوات، هەرچەندە زۆر ئاستەنگیشمان لەبەردەمە بەڵام هەوڵدەدەین بەسەر هەموویاندا زاڵبین.

Shamzini 79@hotmail.com